سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
Kurdistan Journalist's Syndicate
نقابة صحفيي كوردستان

لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان
Kudistan's freedom and Journalist's rights advocacy Committee
لجنة الدفاع عن حرية الصحافة وحقوق الصحفيين في كوردستان

## بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنوسی و مافی رۆژنامەنوسان

## تایبەت بە و توندوتیژیانەی ڕوبەڕووی رۆژنامەنوسان بویەوە لە کاتی خۆپیشاندانەکان

لەچەند رۆژی رابردودا بەهۆی گرژیەکانی شەقام و بریاری قەدەغەی هاتوچۆ بۆ خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا، ڕۆژنامەنوسان ڕوبەڕووی چەندجۆرێکی پێشێلکاری بونەتەوە کە هەموویان پێچەوانەی ئازادی ڕادەربرین و یاسای ژمارە ٣٥ی رۆژنامەگەری هەرێمی کوردستانن.لەوانە، لە خۆپیشاندانی هاوڵاتیان لە رۆژانی ڕابردوو لە شاری سلێمانی و شارو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەیەک لە رۆژنامەنوسان ڕوبەڕووی گرتن و لێدان و توندوتیژی بونەتەوە. رێگری و جیاکاری لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکرێت بۆ رومالّی پرێس کۆنفرانسەکان و ئەوزانیاریە پێویستیانەی کە دەزگا حکومی و ژورەکانی ئۆپراسیۆنی ڕوبەڕوبونەوەی پەتای کۆرۆنا دەیدەن و پێویستە بگوێزرێتەوە بۆ هاوڵاتیان و مافی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنە بەشداری بکەن. سەرباری ئەمانەش جیاکاری کردن و کەلوپەلی رۆژنامەنوسی شکاندن و دەستبەسەراگرتن و سڕینەوەی میمۆری بوەتە نەریتی رۆژانەی هێزە ئەمنیەکان بەرامبەر رۆژنامەنوسان. بۆیە ئێمە لەلیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنوسی و مافی رۆژنامەنوسان وێرای ئەوەی داوا لەڕۆژنامەنوسان دەکەین بەئەرکی پیشەیی خۆیان هەستن و ئیتیک و ئەخلاقیاتی کاری رۆژنامەنوسی بپارێزن و نەبنە بەشێک لە خۆپیشاندانەکان. سەرکۆنەی ئەو ڕەفتارانە دەکەین بەرامبەر رۆژنامەنوسان و بەمەترسیەکی تری ئاسایش و لەمپەرلەبەردەم ئازادی و دیموکراسی ئەم هەرێمەی دەزانین. داواکارین هەرچی زوترە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاورێکی جدی لەم بارودۆخە بدەنەوەو لەمەزیاتر رۆژنامەنوس قوربانی ململانێ و ئالۆزیەکانی نەدات.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنوسی و مافی رۆژنامەنوسان**

**سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان**

**هەولێر- ٣-٦-٢٠٢٠**

Email Address:
nazakat-72@yahoo.com
gorandebaga@yahoo.com
mohammadagrawe13@gmail.com

**Tel:**
07701550604 /07501124201/ 07504885746